# واتای ئەو ئایەتانەی دەربارەی چاکسازی لە نێوان خەڵکیدا هاتوون

[ کردي – کوردی – kurdish ]

سەرباز حەمید کەرکوکی

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ معاني الآيات الواردة في الإصلاح بين الناس ﴾

« باللغة الكردية »

سرباز حميد قادر

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# واتای ئەو ئایەتانەی دەربارەی چاكسازی لە نێوان خەڵكیدا هاتوون

موسڵمانانی خۆشەویست خۆشحاڵم كەوا مانای چەند ئایەتێكی تایبەت بە چاكسازی لە نێوان خەڵكیدا بخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز بە هیوای سوود لێوەرگرتنی.

ئایتەكان ئەمانەن:

خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِأَيْمَانِكُمْ أَنْ تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ }(البقرة :٢٢٤).

واتە: سوێند بەخوا مەكەن بەبەرهەڵستی ئەو شتانەی سوێندتان لەسەری خواردوە كەچاكی و پارێزكاری و ڕێكخستنی نێوان خەڵكی یە وە خوا بیسەرو زانایە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

خوای گەورە دەفەرموێت:{ لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ ۚ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا} (النساء :١١٤).

واتە: هیچ چاكەیەك نی یە لە زۆربەی چپە و سرتە كردنەكانیان دا مەگەر یەكێك فەرمان بكات بە ماڵ بەخشین

یان چاکە یان چاککردنی نێوان خەڵکی جا هەر کەسێك ئەوە بکات بە نیازی ڕەزامەندی خوا ئەوە لە داهاتوودا پیێ ی دەبەخشین پاداشتی زۆر گەورە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا ۚ وَالصُّلْحُ خَيْرٌ ۗ وَأُحْضِرَتِ الْأَنْفُسُ الشُّحَّ ۚ وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا} (النساء :١٢٨).

وە ئەگەر ئافرەتێك ترسا لە گوێ پیێ نەدان یا پشت هەڵکردنی مێردەکەی ئەوە هەردووکیان هیچ گوناهێکیان لەسەر نی یە کە ئاشتەواییەکی چاك بکەن لە نێوان خۆیاندا هەر ئاشتەوایی و یەك کەوتن چاکترە هەر چەندە چروکی و ڕەزیلی تێکەڵاوی دەرونەکان کراوە، وە ئەگەر چاکە کارو پارێزکار بن ئەوە دڵنیا بن بەڕاستی خوا هەمیشە بە ئاگایە لەوەی کە دەیکەن.(تەفسیری پوختەی قورئان).

خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِنْ تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا} (النساء :١٢٩).

ئێوە هەرگیز ناتوانن داد پەروەر بن لە نێوان ژنەکانتان دا هەر چەندە سوور بن(هەوڵ بدەن) جا کەواتە بە تەواوی خوار مەبنەوە(لە هاوسەری یەکێکیان) بەو هۆیەوە واز بهێنن لەوی تریان وەك هەڵبەستراو(نە ئەوەیە مێردی هەبێت نە بەڕەڵاش

کرابێت) وە ئەگەر بسازێن و پارێزکار بن ئەوە بەڕاستی خوا هەمیشە لێبوردەی میهرەبانە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

خوای گەورە دەفەرموێت:{ يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ ۖ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ} (الأنفال :١).

ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە دەستکەوتەکان(ی جەنگی بەدر) تۆش بڵێ: ئەو دەستکەوتانە هەر بۆ خواو پێغەمبەرن(صلى الله عليه وسلم) کەواتە خۆتان بپارێزن و لە خوا بترسن وە پەیوەندی نێوان خۆتان چاك بکەنەوە و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بن ئەگەر ئێوە بڕوادارن.(تەفسیری پوختەی قورئان).

خوای گەورە دەفەرموێت:{ وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ ۚ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا ۖ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ} (الحجرات :٩).

ئەگەر دوو کۆمەڵ لە ئیمانداران دژ بەیەکتر جەنگیان کرد ئەوە لە نێوانیاندا ئاشتەوایی بکەن ئینجا ئەگەر کۆمەڵێکیان دەست درێژی کرد بۆ سەر کۆمەڵێکی تریان ئەوە ئێوە (موسوڵمانان) لەگەڵ ئەوەیان بجەنگن دەست درێژی دەکات تا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا (ملکەچی فەرمانی دەبێ) ئینجا ئەگەر

گەڕایەوە ئەوسا لە نێوانیاندا ئاشتەوایی بکەن بە دادگەرانە و ڕاست و دادپەروەر بن (لە نێوانیاندا) بێگومان خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێ.(تەفسیری پوختەی قورئان).

خوای گەورە دەفەرموێت:{ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ} (الحجرات :١٠)

بێگومان تەنها باوەڕداران بران کەواتە لە نێوان دوو براتاندا (ئاژاوە هەبوو) ئاشتەوایی بکەن و لەخوا بترسن تا ڕەحمتان پێ بکات.(تەفسیری پوختەی قورئان).